# کاتێک کە نیشتیمان خۆی لەهەراج خانەیکدا دەبینێتەوە..!؟

* ئەکشون .... زبڵخانەی ئەوروپای یەکان و بازاری گەرمی کوردەکان..!

....... هەراج خانەکانی سوید بەنموونە





بەدواداچونی

کامەران ئیسحاق پەری

راپۆرت

تایبەت بەئاسۆ ـ سوید

دەروازە

بەدواداچوون لێکدانەوەی مەیدانی لەمەڕ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەگشتی ولەسەرکەسیەتی ڕەوەندی کوردی لەهەندەران بەتایبەت کارێکی سەرەتایی ونوێ یە ،بۆیەئەم کارەبێ کەمو کوڕی وخەوش نییە..!هەرلەڕووی چۆنیەتی ئەنجامدانی بەدواداچونەکەو هەم لەڕووی ناوەڕۆکی میتۆدە تیۆریەکەشەوە کەموکورتی وناتەواوی تیابەدی ئەکرێت ئەم دان پێنانە پێشوەختەش پاساو وخۆدزینەوەخۆبەساحێب نەزانی خەوش و ناتەواوییەکان نییەبگرەڕاستییەکەدەبێت دانی پیابنرێت.

* بازاڕ یەکێکە لەکۆنترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لەژیانی مرۆڤدا،هەراج ومەزاتخانەش لەڕووی بوون ودەرکەوتن وسەرهەڵدان و گشتایەتیەوە،لەتەواوی کۆمەڵگاوشارستانیەتەکاندا،بەکۆن ونوێ یەوە، بەسەرەتاو پێشکەوتو وهاوچەرخی یەوە،لەهەمووکات و زەمەنێکدا لەهەرجێ پێیەکی جوگرافیای کە ئادەمیزاد تیاژیابێت بوونی هەبووە..بۆیەکالەم سۆنگەیەوە ڕاستەگەربلێین،هەراج و مەزاتخانە و(هەفتەبازاڕ)وەک نەریت و کلتور وەک ویست وئارەزوو لەگەڵ درووست بوونی مرۆڤ و شارستانیەتی ئەویش دروست بووە و لەگەڵ گەورەبوونی خولکیاکانی مرۆڤ بۆئاڵوگۆڕکردنی کاڵاکان بۆ(کڕین و فرۆشتن) هەراج وبازێرەکان لەگەڵیا گەورەبووە ،لەکۆندا هەراج خانەکانی ئەوروپا تایبەتمەندیەکی نایابیان بەخۆوە بینیەوە،لەم بارەیەشەوە لەڕوی ڕواڵەت وپەیوەست بوون بەتایبەتمەندی هەراج خانەکانی ئیتاليا وفەرەنسا لەپێشەنگی ئەو مەزاتخانە ئەوروپاییانەن کەهەتا ئەمڕۆشمان ئەو بازاڕانە یان بەشێوە کلاسیکەی جارن هێشتۆتەوە و نەشیان هێشتوە کەگلۆباڵیزم وبەرهەم هێنانی تەکنەلۆژیا کار لەڕەوش و سیمای بازاڕو کاڵکانیان بکات ،بگرە لەپاڵیدا هەوڵیان داوەلەگەڵ شنەبای تەکنەلۆژیا بەجۆرێک هەڵکەن بۆ باشتر دەرپەڕاندنی بازاڕەکانیان،سودی لێ ببینن.

* هەراج (مەزاتخانە) بازاڕیکی پڕ لە بەدگومان وهەژمینە،کەم کەس هەیە لەوانەی کە ڕوو دەکەنە ئەم بازاڕانە بتوانێت خۆی بگرێت وهەوڵ نەدات ئەویش شتێک بکڕێت یان نرخێک بەرزونزم پێ نەکات، هەراج خانەکانی فەرەنساو ئیتاڵیا

وگرێکلاندو بەریتانی هەتائەمڕۆمان جگەلەفرۆشتن ومەزادکردنی ئەنتیک وپارچەو شوێنەورای کۆن،وتابلۆی شێوەکاری بەنرخ هیچ کاڵایەکی تر لەومەزادخانانە نایەتە فرۆشن،کاڵاکانیش بەشێوازی زیادکردنی ئاشکرانمایش پی دەکرێت یەکەم جار کەلەپاریس چوومە مەزاتخانەیەکی لەوشێوەیە توشی شۆک بووم بەجۆرێک ئەوتابلۆ وکاڵا ئەنتیک وکریستاڵیانە ڕیکلامی بۆ دەکرابەشێوەیەکی سەیر ئارەزووی کڕینی لادروست ئەکردی..تائەوڕادەیەی کە ئاستەمەخۆت لەئاست بەرزبوونی نرخەکاندا خۆت بێ دەنگ ڕابگریت وەلێ ئەمە لەفرەنسا بەڵام لێرە لەئەسکەندەناڤیالەگەڵ زۆربونی بازاری دەستی دوو سەکندهاند saknd hand وهەفتەبازاڕەکان کەمێک لەبایەخ وڕۆڵ وناوی مەزاتخانەکانی داشکاندوە.واتە بازاڕەکەخۆی ناوی مەزاتخانەیە بەڵام هیچ شوێنەواری مەزاتکردنی کاڵای تیابەدی ناکەیت ،زیاتر لەبازاڕەکانی (کۆنەو شێخەڵاو بەردەم مزگەوتی گەورە)ی لای خۆمان دەچیت، دەرکەوتنی ئەم بازاڕە ناڕێکوپێکانە دیاردەیەکی نامۆیە لەژیانی کۆمەڵایەتی وئابوری نوێخوازی ئەم وڵاتانە.زۆرێکیش لەئابوری ناسان و کۆمەڵ ناسان پێیان وایە،ئەم دیاردەیە نەخۆشیەکەپەناهەندە لەگەڵ ڕەهەندەئەقڵیەکانی تری دا لەهەگبەکەیدا هێناویەتە ئەم وڵاتە وبەسەقەتی هەوڵی هەڵڕشتنی داوە.ئەمەجگەلەوەی کە ئەم جۆرە بازاڕانە بەهۆیەکی کاریگەرە وڕێگر لەبەردەم پرۆسەی تێکەڵاو بوونی شارستانیەتیەکان ومرۆڤەکان لەکۆمەڵگادا دەزانرێت،ولەهەندێک لەڕۆژنامەکانیش بەکارگەی بەرهەم هێنانی تیرۆر وەسف یان ئەکات

* لەسویدا تاپێشترلەدەساڵ لەمەوبەر سویدیەکان وەک نەریتیکی بەجێماووبە بەشێک لەفەنتاسیاکانی خۆئامادەکردن و پێشوازی کردن لەکرسمس وساڵی نوێ لەناوەڕاستی مانگی دوانزەدا وەک هێمایەک بۆبەپیرەوەچوونی جەژن وکرسمیس و دەربڕێنێک بۆنوێ بونەوە،زۆربەی کەل و پەلی ناوماڵ وکاڵای کۆن وزۆربەکارهاتو زیادە فڕێدەدرایە حاویەکانەوە ،شارەوانی یەکانیش بۆئەم مەبستە،چەندزبڵخانیەکی کاتیان لەگەڕەکەکاندا دا دەنا تاخەڵکی شتی خۆی تیا فڕێ بدات و دواتریش ئەم شتانە کۆدەکرایەوە وبەشی هەرەزۆری دەسوتێنرا،بەڵام لەپێنج ساڵی ڕابرڕدوو ڕێژەی فڕێدانی کەلو پەل وشتومەکی بەساڵاچوو لەلایەن خێزانە سویدیەکان بەشیوەیەکی بەرچاو وسەرنج ڕاکێش کەم بۆتەوە،بەتایبەت لەو بۆنە گشتی یەی کەلەمانگی دوانزەدایەو بڕیارەخەڵکی شتی خۆی فڕی بداتەزبڵخانەکان ،لەم ساڵانەی دوایدا لەبری ئەوەی خەڵکی شتی کۆنی خۆی فڕێبداتەزبڵخانەکان،لەپشتی ماشێنێکداکۆیاندەکاتەوەو ڕۆژانی شەممەو یەکشەموان دەیهێنێتە بازاڕێک کەبەبازاڕی (ئەکشون )ناسراوە و بەسەرپەناهەندەوخەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ساغ ئەکرێتەوە .لەکاتی ئامادەکردنی ئەم بەدواداچونە لەسویدیەکم پرسی کەهەست بەچی ئەکات کەئەمرۆ شوێنێک هەیە بۆساغ کردنەوەی کاڵکانی لەجیاتی فڕیدانی ؟ لەوەڵامدا گوتی : من ئەمەیەکەم جارمەشت بهێنەئەم بازاڕە ،ئێمە جاران هەرفڕێمان دەدان بەڵام هاوڕێکەم هەیە هەفتەی پێشو پێی گوتم بۆفڕێیان دەدەیت..؟ ناونیشانی ئەم بازاڕەی پێدام وگوتیشی خەڵکێک هەیەلەم بازاڕە موشتەریەتی وعەودالّیەتی..!ئەمڕۆش کەشتم هێناوەتەئەم شوێنەمن بەهەرنرخێک بیفرۆشم زەرەرمەند نابم چونکەئەم کەلوپەلانە جێگەیان لەمەڵەکەم گرتوە،من کەدەیانفرۆشم پارەیەکیشم لێیّان بەدەست ئەکەوێت. کەجاران پارەم لەسەر فڕیدانەکەی دادەنا ئیتربۆنا var får inte?!

## وێرای جیاوازی هۆکان بەڵام ئامانج یەک ئامانجە لەڕوکردن بۆئەم بازاڕانە..!؟

بۆشرۆڤەکردنی وێنەیکی ڕاست دروست لەسەردیاردەوهۆکانی بازاڕگەرمی وزۆری هاموشۆکەرانی کورد ومیلەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەم جۆرە (هەفتەبازاڕانە)کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەشارە قەرەباڵغەکانی سوید بەدی ئەکرێت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پرسیارمان لەخەڵکێکی زۆرکرد، (پرسیاری ئەوەی کەچی هەیەلەم بازاڕە وا دەکات ئەم بۆی

بچێت)؟ لێرەدا لەبەر گرنگی وەڵامەکان ،کەدواتربۆچونەکانی لەسەربونیادنراوە هەندێک لەو وەڵامانە دەخەینەبەردیدی خوێنەران.

- مامۆستا (محەمەد)خەڵکی شاری کۆیە ومامۆستای زمانی ئینگلیزی بوە:ئەمن لەبەرئەوەدێمەئێرەچمکێ خۆمی پی دەخافرێنم ،چی بکەم جگەلێرەهیچ شوێنێکی ترشک نابەم سەری پیابکەم ،جگەلێرەلەهیچ شوێنێکی تری ئەم وڵاتە هەست ناکەم لەوڵاتی خۆم ئەژیم ،هیچ نەبێت لەم بازارە چەند دیمەنێکت بەرچاودەکەوێت کە لە بازارەکانی لای خۆمان بچن.
- (عەلی پێنجوێنی)خێزانداروخاوەن حەوت سەرخێزان خەڵکی پێنجوێن ،من زیاتر لەهاویندا ڕوو دەکەمە ئێرە زۆرتریش لەوەرزی سەوزەفرۆشتندا،دێمەئێرە...سەوزەی ئەم بازارە لەباخچەکانەوە دەهێنرێت ،تۆیەکەشی لە کوردستانەوە بۆدەهێنن ولێرەدەچێنرێت،تامی سەوزەکەیان ڕێک ئەڵی لای خۆمانە،نازانم ئەگەردیقەتت داوە یان نا..؟! تامی سەوزەی سویدی بۆن ساردێک دەدات پیاوسەوزەوشینایشی لەبەرچاوئەکەوێت.
- (ڕۆمیۆئەحمەد)خەڵکی شاری مەهابادپیشەکرێکارلەکارگە: من تەنها بەمەبەستی مۆبایل کرێن دێمەئێرە،من خۆم لەو کەسانەم کەزوو زوو مۆبایلەکەم ئەگۆڕم ،ئەم خولییایەشم لەبازاڕی فرۆشتنی تەلەفوناتی سویدی پێ ناکرێت،لەبەرئەوەی لەوێ سەواکردن ونرخ دابەزاندن نییە،ئەمەجگەلەوەی کەلێرەبەزمانێک قسەت لەگەڵ ئەکەن کەلێی تێبگەیت ،زۆربەی ئەوانەی کەمۆبیلی کۆنوبەکارهاتو ئەکڕن وئەفرۆشن یان عەرەبن یان کورد بەباشی لەیەک حاڵی ئەبین. بەدەم ساواکردنی مۆبایلەوە ودوو برادەریش ئەبینین.
- (پورەزولێخا) خەڵکی هەولێر ژنی ماڵ:کوڕی خۆم چی بێت لەتۆنهێنی من بۆکڕینی شت وەک نایەمە ئێرە تەنها بۆ ئەوە دێمە ئێرەبۆ ئەوەی کوردێکی هاوتەمنم یان ناسیاوێکم ببینم تادووقسەی لەگەڵ بکەم وکەمێک لەو چوار دیوارەی ماڵەوە بێمە دەرەوە.سێ کوڕم هەیە لێرە بەناشوکری نەبێت بەهۆی مەشغەڵەتی ئیش وکارە وە بەدەگمەن دەیانبینم لە منگێکدا ئەگەر دوو سێ جارسەرم لێبدەن.
- (ئەڵماس) خەڵکی سلیمانی ،پیشەمامۆستا: من زیاتر بۆکڕینی جلکی کۆن دێمەئێرە،ئێمەهەموو ساڵێک بەماڵ ومنداڵ سەر لەکوردستان ئەدەین خزم و کەسوکارێکی زۆریشمان لەوێ هەیە،ئەگەرجلیان لەبازار ی جلفرۆشی مۆدە بۆبکڕین زۆر گرانە پارەکەمان بەش ناکات ،خۆشت باش ئەزانیت جلی کۆنەی ئێرە..!سەد قاتی جلی تازەی کوردستان جوانتر وکەشخەتر دیارە،خۆهیچ نەبێت ئەڵێن لەئەوروپاوەهاتوە.
- (جەعفەروەلی)خەڵکی زەردەشت پیشەکاسباکار:من لەهەفتەیەکداپێنج ڕۆژئیش دەکەم هەمووئومێدێکیشم ئەوە یە زوو شەممەو یەکشەمەو بێت بۆئەوەی بێمەئەم ئەکشونە،باوەڕت بێت جاری واهیەلەپێش دەرگەوانەکەلێرەم ،ئێرە بۆمن وەک نان وەک ئاوپێویستە،خۆ جاری واهەیەهیچیش ناکڕم بەس حەزم لێیەبێمە ئێرە.سەبوریم دێتەوە.
- (پشتیوان) خەڵکی کەرکوک ،من لەکوردستان ئەندازیار بووم ،لێرە شوێنێکم گرتوەبەکرێ کارتی تەلەفونی تیا ئەفرۆشم ،خێرەکەی کەمە،بەڵام بۆبێ تاقەتی وکات بەسەربردن زۆرباشە.
- ( تاهیر )خەڵکی هەولێر .ڕاست پێت بڵێم من ڕۆژانە بەنێو حاویەو زبڵخانەکانی ئەم شارە دەگەڕێم جارجار ڕیکەوت ئەکات شتی کۆنەی باش فڕی ئەدەن ،گشتی کۆدەکەمەوە شەممە ویەکشەممان دێمە ئێرە دەیفرۆشم. ئەوەی کەنەشفرۆشرابۆهەفتەی دوای ئەوهەڵیدەگرم.هەرمشتەی بۆپەیدادەبێت.

- (لاوەند) خەڵکی ڕەواندز.من زۆربەکەمی ڕوو دەکەمە ئێرە کەدێشم زیاتر بۆکڕینی کارتی تەلەفون دێمە ئێرە بۆئەوەی قسە لەگەڵ کەسوکارم بکەم.بەڵام براگەورەکەم ئەگەرهەفتەیک سەردانی ئێرەنەکات هەست ئەکات شتێکی گەورەی لەدەست داوە،نازانم ئەم بۆگەناوە چ خۆشییەکی تێدایە..؟
- (کەریم )خەڵکی کەرکوک ،من بڕوانامەیەکی بەرزم هەیەلەسویدئەوەی کەپێ دەڵێن یاریدەری پزیشک ،بەڵام لێرەشوێنێکم گرتوەبەکرێ سەری خەڵک تەراش ئەکەم ،ئەوخەڵکەی کەدێتەلای ئێمەتەنهالەبەرئەوەنایەت کە بەهەرزان سەری بۆچاک ئەکەین بەڵکوبۆئەوەش دێت کەدووقسەئەکات گوێ لەدووکەس ئەگرێت ،جاری واهەبوو ئەم شوێنە بچوکەی کەتۆئەیبینیت زیاترلە15 کەس ئەوەستێت بۆسەرچاکردن هەمووشی کوردوعەرەب وتورکمان وخەڵکی شەرقی یە،هەمووشی کەدێتەئێرەبەدەستوری کوردستان باسی سیاسەت ئەکات .
- (حاجی ئەنوەر) خەڵکی هەولێر خانەنشین ،من بۆکڕینی گۆشتی حەڵاڵ دێم بۆ ئێرە لێرەلەسەر دەستوری ئاینی ئیسلامی پیرۆز گۆشت ئەفرۆشن ،هەر لەخۆمەوە تەبیعەتم ناچێتەسەرگۆشتی سویدی.!
- (مەهداد) خەڵکی بادینان من دێمە ئێرە بۆ کڕینی سێدی گۆرانی کوردی هەموو جارێک کەسێدی کوردی دەرئەچێت دێمەئێرە دەیکڕم،جارجارفیلمی دیڤیدێش دەکڕم لێرەکۆپی ئەکرێت زۆرهرزانە .
- (ڕامی)خەڵکی بەغداد من لەشارێکی ترەوە دێمە ئێرە ئەو شارە45 دەقەلێرە دوورە،لەوشارەی کەمن تیائەژیم بازاڕی ئەکشونمان نییە،ئەمەبەس لێرە هەیە لەمانگێکدا دوو جار بەماڵ و منداڵ دێینە ئەم بازاڕە دوایش کە تەواو ئەبین خۆمان ئەکەین بەکەبابخانەی نێرگز یان کەبابخانەی کوردە،بۆخواردنی کەباب .

بەم پێیەدەردەکەوێت کەمەبەست لەسەردان وهامشۆکردنی ئەم جۆرە بازاڕنە،بەشێکی زۆری بیرکردنی نیشتیمانە، شوێنیک کەبۆنی نیشتیمانی لێوەبێت ،جائەو شوێنە هەرج خانەش بێت گرنگ نییە.!گرنگ ئەوەیەشوێنێک هەیە لەوێ بچێت.شوێنێک هەبێت کەسەکانی .کاڵاکانی. هەناسەکانی .ڕەنگی بونەوەرەکانی .ئاخافتنەکانی .باوەرەکانی بۆنەکانی ،سروتەکانی ..هتد لەهی نیشتیمان بچێت



## کێن ئەوانەی دێنەئەکشون..؟!

کڕیاروفرۆشیارکۆڵەکەی پشت وڕەگەزی دووەمی پاش (جۆری کاڵای نمایشکراوە) بۆ بەردەوامی ودرێژەدان بەبازاڕەکان ،بەردەوامی هەربازاڕێک بەدروست بوون و جۆری پەیوەندی نێوان کڕایرو فرۆشیار بەندە .ئاستی لەیەک گەیشتن و تێرکردنی خواستەکانی یەکتری بەردەوامی بەبازاڕەکە دەبەخشێت،جێی ئاماژەپێکردنە لەم ئەکشونانەدا ..!

*كرياڕو هاموشۆكەری يەكەم بۆئەم بازاڕانە  هەميشە هاوڵاتيەكە سەر بەنەتەوە ڕۆژهەڵاتی يان ئاسياويەكانە لەناوياندا لە تۆپ ليستدا (كورد،عەرەب،ئەفغانی،فارس،تايلەندی،فليپينی،بۆسنەی،قەرەجی ئەوروپای،تورك،ئەڵبانی،بەم دوايانەش ڕوسی)بەرچاو دەكەوێت

* فرۆشياريش لەخانەی يەكەمدا زۆربەی كات سويدی يەكانن،هێندێكيشيان بەبەردەوامی لەوێ دەبينرێن بەتايبەت بەساڵاچووەكانيان،ئەوانەی كەكاتی زۆری بۆشاييان بەم بازاڕە پڕدەكەنەوەوبەشێك لەگۆشەگيری وزوخاوی تەنيای لەوێ دەكوژن.

## كات بەسەربردن  لەپشوكاندا لەلای خێزانی كوردی بەبەروارد لەگەڵ خێزانێكی سويدی دا.

لەئەنجامی گەڕان وپشكنين بەدوای باسيك لەژێرناونيشانی (كاتێك كەنيشتيمان خۆی لەهەراجخانەيەك دا دەبينێتەوە ) بەپێويستمان زانی بەمەبستی بەهێزكردن وپاڵپشتی بابەتەكەئەم بەراوردە بخەينە ڕوو،هاوكات ئەوەش ڕابگەێنين كەئەم پۆلێنكردنە دوورە لەتێڕوانينی شەخسی وبۆچوون وئەندێشەی تاكەكەسی .

* وەكو ياسايەك بۆكار بەشيوەيكی گشتی لەخۆرئاوا لەهەفتەيەكدا پێنج ڕۆژكار دەكەيت وماندوو دەبيت دوو ڕۆژيش پشوت بۆ هەيە،ڕۆژانی پشوو و كات بەسەربردن لەناو خێزانێكی ئەوروپای بۆئەنجامدانی چەند چالاكييەك دابەشكراوە، بەڵام لەناوخێزانێكی ڕۆژهەڵاتی (كوردی) بەدەگمەن بەرنامە ڕيژی تيابەدی ئەكرێت ئەگەر پلانيشی تيابەدی بكەيت ،پلانەكە بەهەرەمەكی دابەشكراوە و شێوازی كات بەسەربردنەكە جگە لەوەی كەهيچی لەخێزانە ئەوروپی يەكە ناچێت ،كوشتنی ئارەزوەكانی تاكيشی تيابەدی دەكرێت و خۆويتسی خێزان وەك دەسەڵاتێكی زەبربەدەست تيانمايش ئەكرێت .ئەمە لەكاتێكدا هەردووكيان (واتە هەردوو پێكهاتە خێزانی يەكە،ئەوروپی وكوردی يەكە)لەوڵاتێكدا دەژين وهەمان ماف و ئەركی كۆمەڵايتيان لەسەرە.ئەم خشتەيەی خوارەوە نمونەيەكی بچوككراوی پۆلێنكردنێكی ساكاری كات بەسەربردنی پشوی هەفتانەی خێزانێكی كوردی وخێزانێكی ئەوروپای يە.تييدا بەزەقی وبەئاشكرا گرنگی دان وخولياو خەمخواردنی ئەوروپاييەك و كوردێكت بۆلەيەك جيادەكرێتەوە،كەپاشان لەسەرئەم بنچينەيە ئەتوانيت پێشبينی جۆری ئەوكەسيەتی يە كوردی يەبكەيت كەلەكۆمەڵگايەكی مۆدێرنی وەك كۆمەلگای سويديدا دەژی.

ئەم خشتەيەبۆ چوار هەفتە پۆلێن كراوە.



خێزانێكی ئەوروپی × خێزانێكی كوردی

| | |
|---|---|
| هەفتەی یەکەم :چون بۆسینەما بۆدیتنی نوێترین فیلمی سینەمای بەتایبەت فیلم بۆمندالآن.بەپێ تەمەن وئارەزوو.<br>*ڕۆژانی پشوی ڕەسمی لەخۆرئاوەدا، (شەممەویەکشەممەیە) | هەفتەی یەکەم :چون بۆبازاڕی (ئەکشون)وگەڕان بەدوای شوناسێکی کوردەواری .وکڕێنی خواردەمەنی ڕۆژهەلآتی.<br>*ئەکشونەکان لەکاتژمێر10ی بەیانی تاکاتژمێر3 ی پاش نیوەڕۆ لەڕۆژانی شەمهمەویەکشەمموواندا کراوەن |
| هەفتەی دووەم :چون بۆمەلەوانگە،یاخود بۆ پارکێکی یاری مندالآن، یاخودگەشەپێدانی فاڤوریتی مندالآن وپاشان چوون بۆمەکدۆنالّد.<br>*مەکدۆنالّد،ڕێستوڕانتێکی خوردەمەنی خێرایەزیترمندالآن حەزی پێ دەکەن | هەفتەی دووەم:سەردانی مالّی خزمێک یاخود دۆستێک، ناسیاوێکی دوور.کەتیایدامندالّ هیچ ڕۆلّێکی لەو دانیشتن وسەردانانە نابێت. وتوشی بێزاریان دەکات وەک ئەوەی دلّشادوئاسودەیان بکات. |
| هەفتەی سێهەم :گەڕان بەنێوبازڕدا بۆکڕینی جل وبەرگ یان پێداویستی مندالآن.چونکە لەم هەفتەیەدا پیتاک و پارەی مندالآن دەدرێت بەخێزان.<br>*لەولآتانی سوید،نەرویج،دانیمارک،فنلەندا،بڕێک پارەی دیاری کراو مانگانە دەدرێت بەهەموو مندالّێک تا تەمەن18 سالّ. | هەفتەی سێهەم :چون بۆ چێشتخانەیەکی کوردی زیاتر کەبابخانە بۆخواردنی کەباب وگۆشتی کوردەواری.<br>❊ لەزۆربەی شارە گەورەکانی ئەوروپا کەبابخانەی کوردی لێ یە،خواردنی زۆری خواردەمەنی کوردەواری شێوازێکی تری دەربڕینی خۆشەویستی ویادکردنەوەی نیشتیمانە . |
| **هەفتەی چوارەم** : چون بۆ کتێبخانە بەشی مندالآن ،بەمەبستی ڕاهێنانی مندالآن لەسەرخوێندن وپاشان نیوەڕۆ خواردن لە ڕیستوڕانت یاخودمەکدۆنالّد،وەک نەریت لەمانگێکدامندالّ دوو جار دەبیت ببریت بۆچێشتخانەی دەرەوە | هەفتەی چوارەم :میواندارکردنی دۆستێک یان کەسێک یان خزمێک .یان چون بۆپرسەی باوکی ،یان دایکی هاوڕێیەک.یان دراوسێیەک، کەپێشترلەبۆنەیەکی پێشوەختدائەمان ئەوانیان بەسەر کردۆتەوە. |
| خێزانی سوید لەهەفتەیکدا تەنهایەک جارکەئەویش ڕۆژی شەموانە (نوقلّی ترش وشیرین) بۆمندالّەکانی دەکڕێت | خێزانی کوردی بەگشتی ڕۆژ وساتی نییەوکڕینی شەکرۆکە، بەبێ بەرنامە بەدی دەکریت. |

## ڕاوڕایەلّی سویدییەکان بەم بازاڕانە..؟!

### دیمەنی یەکەم

ـ ئەندێش تەمەن 68 سالّ،دەلّێت من وائەچێت بۆزیاترلەدەسالّ لەم بازاڕەپەرتوک وگۆڤاری کۆن ئەفرۆشم ،ئەم بازاڕە شێوێنرا، وهیچی لەجێ خۆی نەماوە،جاران وانەبوو..!؟ ئەم پێنج سالّەی دوای زۆرِ گۆڕانی بەسەداهات ئەتوانم بلّێم ناوەڕۆکەکەی لەگەلّ ناونیشانەکەی پێکەوە هەلّناکات،تۆتەماشاکە،من کتێب وگۆڤاری کۆن ئەفرۆشم لەپالّمدا دراوسێکەم برنجی پاکستانی ئەفرۆشێت،بەرامبەرەکەشم نازانم کوردەیان عەرەب مۆبایل وعەتری ژنان،پشتەوەشم تەلەڤیزۆن وتەسجیلی کۆن.دوومەتری تربەولاوەفەرشی ئێرانی... وهتد

ئەندێش هێشتالەقسەکانی تەواونەبووبوهەرایەک لەنزیک سەوزەفرۆشەکان بەرزبوەوە خانمێکی سویدی بەچواردەوەری خۆیداهاواری دەکرد ودەیگوت !dolig dolig خراپە !خراپە!

کاکی سەوزەفرۆشی بەسالآچووش بەکوردی وەلآمی دەدایەوە و هاواری دەکردبەخودای دەزانم (دۆلّیگە)خۆشم پێم گوتوە سەوزەی ئەم وەرزەخراپە.! ئیدی بۆدەنگم بەسەربەرزدەکاتەوە،خۆ ئەمن بەزۆر پێم نەفرۆشتوە.کابرا دیار بوو سویدی نازانێت ژنەکە دەنگی لێ بەرزکردەوە ئەم جارەبەگوڕتر کەوتە جنێودان بەپەناهەندەو سەرڕەش ،ومرۆڤی ڕۆژهەلآتی لێی چومەپێش. گوتم خانم ئەتوانم بزانم کێشەکەت چییە؟

خانمەکەبەقێزێکەوە،تەماشای کردم و ئەم جارە کەمێک بەرزتر لەجاران گوتی کێشەکەم ئیوەن ئێوە وڵاتی منتان ویران کردوە سەوزەم پێدەفرۆشێت هەمووی ڕەنگ زەردوسیس هەڵگەراوە.گوتم: جاخۆ بەزۆر پێی نەفرۆشتویت ،کابراش لەولاوە دەیگوت هابەسیاقە تێ گەێنە کەئەمن پێم گوتوەبەهەرزان دەدەمێ قورئان بەخوا..!زیادم لێ نەستاندوە،خەریک بووقسەی حاجی بۆ وەربگێڕم سەری خۆی هەڵگرت و ئەوگوزەرەی بەجێ هێشت.و.دەرفەتی قسەکردنی پێ نەدام .

وەلێ کابرای سەوزەفرۆش ی ڕیشکەوتو قورگی پڕ بوولەگریان،بەڵام دانی بەخۆداگرت وگوتی خوا بەزیادی نەکات ئەمنی ئاوەها دەربەدەر کرد ،دەنا من لەولاتی خۆم زەلیل ودااماو نەبامە ئەمەن چم دابوولەم غەریبایەتی یە ئەمن پێشمەرگەی کۆمەڵە بووم.بەم تەمەنەشم لەسوید کەس کارم ناداتێ،من لەبرسائەو کارەناکەم من لەبەرخاتری ئەوەی خۆمی پێ مەشغوڵ بکەم ودوو پۆلێشم لەپەنایدا دەست دەکەوێت.

### دیمەنی دووەم :

بۆ ئامادەکردنی لێکدانەوەیەکی مەیدانی لەم شێوەیە پێویستیم بە وێنە بوو،هەرچەندە وێنە لە بواری توێژینەوەو شیکاری ڕۆژنامەگەری کوردیدا هێشتا ڕۆڵ وبایەخی خۆی نەدراوەتێ بەلام من هەرویستم کۆمەڵێک وێنەی لەگەڵدا دیکۆمێنت بکەم ،بۆئەم مەبستەش دەبوو بچمەلای یەکەی کارگێری ئەم بازاڕە تاڕوخسەتم بداتێ هەندێک وێنەبگرم خۆمم بەخانمی کارگێرەکە ناساندو پێم گوت من کاری ڕۆژنامەنوسی دەکەم بەدواداچونیکم لەسەرڕەوشی ئەم بازاڕانە بەدەستەوەیە پێویستم بەوەیە کەکۆمەڵێک وێنە بگرم ،ڕوخسەت هەیە؟

- گوتی چۆن بزانم کەتۆ ڕۆژنامەنوسیت ،خۆتۆ هیچ بەڵگەیەکت پێ نی یە؟ئەوە بسەلمێنێت کەتۆڕۆژنامەنووسی ...!؟
- گوتم ڕاست ئەکەیت ،بەڵام من بەزمانی کوردی کارەکەم دەکەم .
- گوتی تێگەیشتم..! بەڵام نابێت وێنەکان وێنەی کەسی بێت (پریڤات) لەبەر ئەوەی تۆلەسویدا نەناسراویت ، مەبەست لەنەناسراو(لەڕۆژنامەیەکی سویدی کارناکەیت )ومۆڵەتت پێ نەدراوە.من ئەمەبۆخۆتی دەڵێم تاتوشی کێشەنەبیت.
- گوتم ڕاست ئەکەیت ..؟!هەوڵ ئەدەم لەوێنەگرتنەکەدائەوخاڵەڕەچاوبکەم لەهەقەتیشدا هۆی ئەوەی کە من باجم پێ نییە هی ئەوەیە کە کاری ڕۆژنامەنوسی ئازاد لەولاتی من هێشتا نەبۆتە پیشە،بەهەرحاڵ سوپاست دەکەم کەڕێگەت پێدام وێنەبگرم.دڵنایشت دەکەمەوەکەوێنەی کەسی ناگرم .

### هەڵوێستی حکومەت لەئاست هەبوونی ئەم جۆرەبازاڕانە..؟

ناوەبەناوە حکومەتی سویدی هەڵمەتێک بۆداخستنوهەڵوەشاندنەوەولەبەریەکترازانی ئەم بازاڕانە کە بەئەکشون ناسراون رادەگێنێت هەتائێستاش ئەکشونەکان چەند جارێک ڕووبە ڕووی هەڕەشەی داخستن بونەتەوە،بەڵام هەرجارەو بەهۆی فشاری خەڵک و کۆکردنەوەی ئیمزا لەدژی بڕیاری داخستن پرۆسەی هەڵگرتنی ئەم بازاڕانە بۆ وادەیەکی نەزانراو دواخراوە،بەڕای حکومەتی سویدی زیاتر لەهۆیەک هەیە بۆنەهێشتنی ئەم شوێنانە هەرلەتێکدانی سیمای شارستانیەتی شارنشینی وڵاتێکی وەک سوید تادەگاتە تەوەری ژینگەپیسی،وڵاتێکی ژینگەپارێز ،ولەولاشەوەزیان گەیاندن بە ژێرخانو ئابوری دەوڵەتێکی ئابوری بەهێز.ئەمەجگەلەوەی کەکاڵای قاچاخ وشتومەکی گومرگ نەکراو و کەلوپەلی دزراویش لەم جۆرە بازاڕانە زۆر مامەڵەی پێ دەکرێت وهەمیشەلەم بازاڕانەوە سکاڵای سەیروسەمەرەی هاوڵاتیان بەدەست پۆلیس دەگات وزۆربەی کات کاری قاچاخ چیەتی وفرۆشتنی کاڵای قەدەغەکراویشی تیابەدی دەکرێت.

### دووائەنجام :

لەهەبوون و هێشتنەوەی یان داخستن وهەڵوەشاندنەوەی ئەم جۆرەبازاڕانەکە (بەحەفتەبازار) ناسراون کۆمەڵگا بەسەر دووڕاو دوو دژەبەرە دابەش دەکات ،بەرەیەکیان پێ وایەئەم بازاڕانە سیمای شارستانیەتی پێ گەیشتوی وڵاتانی خۆرئاوا تێک دەدات و مرۆڤی خۆرئاوای دەگڕێنێتەوە سەردەمی نەزانی وتاریکی.
بەرەکەی تریان پێی وایەهەبوونی ئەم جۆرەبازاڕانەلەڕووی دەروون ناسیەوەگرنگی خۆی هەیە،لەبەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکە هەمیشە لەکڕینی یان بەدەسکەوتنی کاڵاو کەلوپەلەکان خوازیارە بەهەرزانترین نرخ ئەوکاڵایەی بەدەست بکەوێت،وەیاخود ئەگەر هەر بەهەرزانیش دەستی نەکەوێت سەودای بکات وهەوڵی نرخ شکاندنی بکات ،ئەم شێوازە لەمامەڵکەردن لەگەڵ کاڵاوکڕیار لەبازاڕە سویدیەکان بەدی ناکریت جا کە تۆ بێیت ئەم خولیا سروشتیەی لێ بسەنیتەوە یاخود هەوڵی زەوتکردنی بدەیت .ئەومرۆڤەتۆشی تێکشکانی کەسیەتی و شپرزەی دەروونی دەکەیت هەربۆیەش دەبینین کەزۆربەی ڕۆژهەڵاتیەکان،لەبازارەسویدیەکاندا کەمتربەرچاودەکەون و زۆر شت ناکڕن لەجێ ئەوە پەنادەبەن بۆئەم بازاڕانە .لەکاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە چەند شتیکی سەیرم بۆئاشکرابوو، لەوانە زۆرێک لەو کاڵایانەی کەلەوبازاڕەدا دەفرۆشرێت،بەهامادییەکەی ئەگەر زیاتر نەبێت ئەوا هاوشیوەی نرخی بازارە سویدیەکانە،کەچی خەڵک هەرلەم بازاڕانە دەیانکڕێت هۆکەشی بەرای من تەنها بۆدەسکەوتی مادیی ناگەڕیتەوە بگرەچەمکی سەواو نرخ شکاندن بۆتەبەشێک لەکتوری کۆمەڵە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوییەکان ناتوانن لەپڕ وازلەو نەریت وخولیایە بێنن .بۆیەڕاستە ئەگەربێژین قەڕەباڵغی وپاڵەپەستۆو بۆنی ئەم بازارِنە بەجۆرێکی سەیر شادی دەخاتەدەرونی مرۆڤەکانەوە.







kamaran_pary@hotmail.com

سەرنج

❊ ماوەی پێویست بۆتەواوکردنی ئەم بەدواداچونە8 هەشت هەفتەبووە.ولەبەرواری 3.3 2007 داتەواوبوە

- بۆ زیاتر زانیاری بڕوانەڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە394 ـ 396 لاپەڕەی ڕاپۆرت دەرچوی ڕۆژی 26 ی مارس و28 ی مارسی 2007 بابەتەکە بەدووبەش بڵاوکراوەتەوە.
- هەراجخانەکانی سویدبەشێکیان پێشتر جێی حەوانەوەی ئەسپەکانی یەکەی سەربازی سوید بوە.